
# پەڕەیەک لێرە.. ئازارێک لەوێ

دڵسۆز حەمە
(هۆلاند)

**١- گۆڕان**
ئێستاکە لەدڵەوە
بەو ڕۆژانە پێدەکەنم،
کە لە دڵەوە بۆ تۆ دەگریام !

**٢- وشە**
جگە لە زەنگ و زرینگە و دەنگدانەوە و
هێزی مانا
وشەکان، بۆنیشیان هەیە
یادەوەری و حیکایەتیش،
دوای سەدەیەک لە دابڕان و دڵشکان،
دەیان پاییز لە برینداری و هەڵوەران،
هێشتا ناوی تۆ،
پڕم دەکات لە بۆنی پاییز و
بۆنی ڕەز و نێرگزەجاڕ و گژوگیا،
بۆنی زەوی لەژێر بارانی ئیرۆس و
شنەی با کە ڕادەکات بەناو کراسی سەوزی ڕەزان و
بەناو دەستی کراوەی دۆڵ و
بەسەر سنگی بەرزی چیا!

**٣- ناشوێن**
نیشتمانم هەر غوربەت بوو
غوربەتم بووەتە نیشتمان،
ئیدی،
نە ئەوێندەر هی منە و
نە ئێرەش دەبێتە هیی من
لەوێندەر ڕەگم پچڕاوە و
لێرەش ناڕوێتەوە دڵم،



نە لێرەم و نە لەوێشم
مەگەر هەر ئەو تەرمە غەمگینانەی،
مانگەشەوێک دەکەونە سەر لەپی دەریا
تێبگەن و بزانن و بیگێڕنەوە
چۆنە ژیان بەسەر شەپۆلی تەنهایی و
چۆنە مردن لە بنی بنی بیرچوونەوە و غوربەتەوە.

٤- تۆ
وەکوو ڕاوکردنی دووکەڵ
بێژانەوەی ئاوی دەریا و
گرتنی سەراب،
بێسەمەر بوو ڕەنجی من لەگەڵ تۆدا،
بەخشینی ڕوونترین کانی
شیرینترین دەریای بەهەشت
بە ناو دڵی سەحرایەکدا
هیچی لێ سەوز نابێت
بە غەیری دڕک و دەسخەڕۆیی و دۆڕان.

٥- ئێمە
ئێمە سێیان بووین
هەمیشە سێ ڕێگەی درێژ درێژ
سێ ئاسمان و سێ زەمین و سێ دیوار
سێ سێبەر و دوو جەستە

سێ دەنگ و دوو گەرووی دڵتەنگ
پردێک و سێ دوورگەی دڵتەڕ
پردەکان دوو دەستیان هەیە
تەنها دوو باسک و هیچی تر،
دەبوو یەکێکمان شەهید با
دەبوو یەکێکمان چۆڵی کات
دەبوو یەکێکمان دەست بەردا و
دەبوو یەکێکمان غەرق با !

٦- وانییە ... وا
لەسەر بنجی خۆی سەوز نابێتەوە
هەموو پەلکەگیایەک،
بەهەمان هەور خۆی ناشوات
هەموو درەختێکی بوێر
ئەوەی لە پاییزدا سوورتر
ئاگرینتر، ڕەنگینترە، باوەش دەکات
بە غەمگینیی کزەبادا
بە گریانی باڵندەکان کە کۆچ دەکەن،
هێلانەکانیان چۆڵ دەبێت،
کە لەبەردەم کەرنەڤاڵی وەرین و
چۆڵکردنی سەوزەڵانی ئەو سوورترە
ڕەنگە کچی سنەوبەرێکی سەوز بێت،
یان هاوخوێنی شۆڕەبییەک کە عاشقی بەهارانە
بەڵام ئەم خۆی بووەتە درەختێکی تر و
ڕەنگێکی تر، وەرزێکی تری خۆش دەوێت
با ئیتر لە دارستان نەچێ و
لە ڕەنگی سەوزیش یاخی بێت!

٧- ژیان وەکوو خۆی..
ئەوە نادووریتەوە کە دەیچێنیت، گیانی گیان
ئەوە وەرناگریت کە بەخشیوتە
تەرمی ئەو هەموو دەستە غەمگینانە نابینیت
لەکاتی بەخشینی گوڵدا
لەکاتی تەوقەکردن و لە وەرزی باوەشگرتنندا
لەو کاتەدا درێژدەبێتەوە بۆلای دۆستێک
کوژراون و پێکراون و براونەتەوە و
بێسەر و شوێنیشیان هەیە !
حیکایەتی ئەو دەستانەت نەبیستووە
لەسەروەختی باوەڕهێنان و
شەیدابوون و ئەوپەڕی عاشقبووندا
پڕکراون لە دڕک و عاگوڵ و ئازار و دەسخەڕۆیی و
تەنهایی؟

پارچەپارچەی ئەو هەموو دڵە نابینیت
بە میهرەبانی  کوژراون و
بە دەغڵی زۆر درەوشاوەی بەخشندەیی و
کشانی زیاد لە پێویستی خۆشەویستی لەو دڵەدا
لە جیاتی نان
لە جیاتی تامی دڵنیایی
و لە پاداشتی شەیدایی،
بوونەتە هەزاران پارچە و
شکاوە و ڕەش بووە و چۆڵ بووە و
وەکوو کەنعان!

**٨- سەفەری ئاو**
یاخیبوونی
وردەشەپۆلی جۆگەلە
لەوەستان و بۆگەنکردن و
بێدەنگیی
وای کردووە، بەردەوام لە ڕۆیشتندا بێت
بەرەو ڕووبار
بەرەو دەریا
بەرەو ئۆقیانووسە بێ بنەکان،
تەنانەت خەونی فرین و بوونە هەور و
سەردانی ماڵی فریشتە و
گەڕان لە بەرینی ئاسمان
دیسانەوە گەڕانەوە ماڵی دەریا لەگەڵ باران!

**٩- شووشە**
لەهەر ماڵێکدا خاچێک و
لەسەر هەر خاچێکیش دڵێک
هەموو ماڵەکان لە شووشەن
زۆربەی دڵەکانیش لەبەرد،
ئەوەیان نەبێت کە هێشتا
بەسەر خاچەکەوە لێ دەدات!

**١٠- مرۆڤ!**
بە درێژایی دیرۆکی
دڕندەیی و کوشتن
لەجەنگەڵ و بێشەکاندا
بەدرێژایی ئەو خوێنەی
کەڵبەکان ڕشتوویانە و ئەو نێچیرانەی کوژراون
هێندەی دیرۆکی یەک ڕۆژی
خوێنڕشتن و دڵڕەقی،
غەدر و ئازار و دڵشکانی مرۆڤ نییە
لەم سەرزەمینە نەخۆش و ئالوودە و تاریکەدا .

**١١- نە شا..... نە سوار**
ئەو کە بەسەر شەقامی تەخت و پانوبەرینی ژیاندا
پیادەڕۆیی نەدەزانی،
لە بچووکترین ترس دەترسا،
لە نزمترین بەربەست، لە وشەکان،
ساتمەی دەکرد،
لە بەردەم هەموو دەرگەیەک دوودڵ و
لەپەنجەرەکان تۆقیبوو
ئەو کە ناوی باڵندە و گوڵەکانی نەدەزانی
دەست و پێ سپی و کۆڵەوار و
نەژنێتی دەناسی، نە جوامێری فێربووبوو
نە لە دووری دووریشەوە ئەسپێکی کەحێل و
ڕەسەن و
شکۆداری بینیبوو و
نەیدەیوێرا باوەڕبێنێت کە ژیان غارغارێن و
شەڕێکە بۆ ئەبەد
ئیدی کەی ئەوە شاسواری خەونە و
کەی پیاو بوو؟!

**١٢- تەنهایی**
بەدارسێوە خانومان و
چاوتەڕ و غەمگینەکەی هاوڕێم،

که کەوتووەتە چاڵی چارەنووسی پیاوێکی
ناپیاوەوە، دەڵێم:
«حەیف لە خۆمان!
زەوی پیر دەبێت،
دڵی خۆر ساردوساردتر بووەتەوە،
جوانترین دەریاکان وشک بوون
پیاوە ڕاستەقینەکانیش،
وەکوو
ورچی پۆڵەکان ڕوو لەناووچوونن!!
تەنهایی و بەسەحرابوون
بە نەخشەی ژنێتیدا تا دێت زیاتر ڕادەکشێ!»

**١٣- دڵدانەوە**
باوەش کە بە تەنهاییدا
پاییز بێت
یان کرێوە و بەفر و زریان
ڕۆژێکی سەوزی نیسان بێت
یان شەوێکی نتم و وشک و تینووی جۆزەردان
ئاهەنگ بێت، یان پرسە و شیوەن
تۆ هەر خۆتی و خۆت
وەکوو دڵتەنگترین چنار
هاوڕێی ئاو و
دایکی دارچواڵەیەکی بچووک و
چەند بڕکە هەناری مێخۆش
هاوڕێی ئەو هەموو باڵندە دەنگخۆش و
ئەو هەموو جۆگەلە غەمگینانەیت
بە حیکایەتی ژنێتی و
بە ژیانتا تێدەپەڕن!!
باوەش بە تەنهاییدا بکە و
تف بۆ ناوچەوانی ژیان!!

**نیسان ٢٠٢٦**